www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13:30 26-11-2006

# نامەیەکی کراوە بۆ رای گشتی جیهانی و کوردستانی بۆ بەڕێز /یاریدەدەرێتی ئاسایشی رانیە ... مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی

دوای سڵاوو:

ب/ داواکاری و ئاگادار بوون.

ماوەیەکە خەڵکانێك لەملا و لە ملا لە سایتی درۆزنانەی ڕۆشنایی شتی درۆ لەسەر من بڵا و دەکەنەوەو، وە لە هەندی بابەتیشیاندا بۆ ئەوەی ناوی گوندەکەم ناشیرن بکەن بە ناوە درۆینەکانی خۆیان ناوی گوندەکەم دەهێنن و ڕەخنەی پی لە بەرپرسی حکومی و سەرکردەکانی یەکێتی دەگرن، بۆیە من ئێوەی بەڕێز ئاگادار دەکەمەوە کە ئەو نوسینانە هیچ پەیوەندیان نە بەمن و نەبە هیچ کەسێکی گوندەکەم ئەشکەنە وەنیەو ئێمە هەموومان خوێندکاری فێرگەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانین، ئەوانەی ئەو شتە درۆو بی بنەمایانەش بڵا و دەکەنەوە هەمیشە درۆزنی بەردەم خەڵکن و جاسووسی ئەملا و ئەملان یەك تۆز خیرەت و شەرەفیشیان تیا نیە، دەنا شتی لەو جۆرە بڵاو ناکەنەوە، بۆیە من وەکو مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی ئاگاداری ئێوەی بەڕێز دەکەم کە من تەنها لە سایتی ئینتەرنێتی کوردستان نێت بابەت و چاوپێکەوتنەکانم بڵاو ئەکەمەوە، چونکە ئەو سایتە سایتێکی جیهانیەو ناسراوەو بابەتی تانەو تەشهیر بڵاو ناکا تەوە، بۆیە پێم خۆشە وەك چۆن چاوی ئاسایش و پارێزەری خەڵکن ئاگاداربن کەمن ئەم جۆرە ڕەفتارانەم لی ناوەشێتەوە، هەرگیزیش شتی وەها ناکەم لایەنی بەرامبەر تووشی دڵە راوکی بکەم بی بەڵگەی مەلمووس، چونکە من ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانم و ئیحترامی سەندیکایەکەم و پیشەکەم ئەپارێزم، بۆیە لە دواجار تکا تان لی دەکەم با ئەوە شکایەت بی، تاکو هەر کاتی کەسێکتان گرت بە تووهمەی نووسین بۆ ئەو سایتە درۆینەی ڕۆشنایی کە لە سەری ئیسپات بوو لە لایەن ئێوە من ئاگادار بکرێتەوە تاکو من بێم داوای یاسایی لەسەر تۆمار بکەم، وەدەمەوی ئێوەی بەرێزیش ئاگادار بکەمەوە کە زۆربەی شەوانیش بە تەلەفۆن پەیوەندیم پێوە دەکەن و هەڕەشەی کوشتنم لی دەکەن کە ژمارەکەیان بە ڕەقەم خاێ دەردەچی هیچ نانوسری کە دەمەوی پەیوەندیان پێوە بکەم تەلەفۆن ناکرێتەوە بۆیان بۆ ئاگاداریتان 0

لەگەڵ ڕێزوو سڵاومدا داواکار

مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی

ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان